کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-11-2007 21:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کێ بەر پرسە لەزیاد بوونی ڕێژەی بێکاری.. ؟ هەورامان علی تۆفیق - بەشی دووەم



- نەبوونی پلان بۆ کارکردن و چۆنیەتی نەهێشتنی بێکاری بەجۆرێك هێزوتوانایی گەنجان بۆ خزمەتی وولات و دەسەلاَت و ئایندەو گوزەرانی ئەمڕۆمان و ئایندەمان.. ئەویش بەدوور کەوتنەوە لە دامەزراندن و زیاد کردنی کارمەندی حزبی کە لەبنەڕەتدا خزمەت کردنە بەو خزبە و پارەوەرگرتن لە سەروەت و سامان و داهاتی وولاَت و جەماوەر ئەمەش تەنها شێوازێکە لەو شێوە وولاَتانەی خۆمان و دەوروبەرمان کە بەرپرسان و کەسانی حزبی لەپێشەوەی ژیان و گوزەرانی هاوولاَتیاندان و هەموو شتێك بۆ ئەوان شیاوە و بێ سنورو کۆسپە و بەپێچەوانەوە بۆ هاوولاَتیانی دی..
- کۆسپ کردن لەبەردەم ئەوانەی دەیانەوێ لەڕووی پیشەسازیەوە یا ئەو پڕۆژانەی کە دەکرێ لەڕێیانەوە چەندین کەسی بێکار وەکار بخرێن.. بەلاَم بەهۆیی نەبوونی چەند ڕێژەیەك بەش بۆ هەندێك لەو بەرپرسانەی کە ئاسان کاری لەئەنجام دانی ئەو کارانەدا دەکەن کارەکان بەشکست دەبرێن و بەئەنجام ناگەن.. بەهەمان شێوە ڕووکردنە کۆمپانیا و کارگە بیانیەکان و ڕژشتنی پارەیەکی زۆربۆیان و دواتر دوای ئەوەی بەنیوەناچلی پڕۆژەکان بەجێ دەهێلێن و ئەو پارانەی وەریان گرتووە دەیخۆن و بۆیی هەلدێن و کەس ڕێگاو جێگایان نازانێت...
- کۆچ کردنی گەنجان و هەلهاتن لە وولاَت و بیرکردنەوە لەژیانی هەندەران بەو نیازەی لەوێ دەتوانن ژیان و گوزەرانی خۆیان بەڕێوەبەرن باشتر لەکوردستان.. بەڕێژەیەك بەلێ تارادەیەك ئەوانەی لەهەندەران دەژین گوزەرانیان گۆڕاوەو بەرەو باشتر چووە.. بەلاَم ئەمە ئەوەناگەیەنێ کە هەموو ئەو گەنجانە بەمەرام و هیواکانیان گەیشتوون چونکە ڕێگایی هەندەران و ژیانی ئاوارەیش گرانی و سەختی خۆیی هەیە و زۆر لەوانەی توشی کێشە و گرفت بوون لەونامۆبوونەدا وون بوون..
- جیاوازیەکان لەنێوان ئەوانەی کە ڕوو لەهەندەران دەکەن و لەژیانی ئاوارەییدا هەموو کارێك دەکەن و بەلایانەوە عەیب نیە.. بەلاَم ئەو کارەیی لێرە دەیکەن لە کوردستان بۆیان ناکرێت... ئەمەش هۆکاری زۆرن ئەویش ئەو کۆمەلگاو دەوروبەرەیە کە ڕێگای نادات و ئەگەر ئەو کارەش بکات ئەوە گالتەی پێدەکرێت و بەکەم دەزانرێت و داهاتی لەو کارە سالاَنە زۆر کەم دەبێت.. لەگەل ئەوەی مافەکانی پارێزراو نین و یاسایەك نیە پارێزگاری لێبکات و داکۆکی لەخواست و داواکانی بکات.. نەبوونی پسپۆڕی لە کارو پیشەکاندا واتایەکە کە دەسەلاَت و لایەنی پەیوەندی دار بەخۆیی کرنگی بەم لایەنەنادات و بەلایەوە گرنگ نیە.. نەبوونی دابینکردن و پێداویستیە تەندروستیەکان بەشێوەیە مۆدێرنانەوە و سەردەمیانە..
- کار و کرێکاری لای ئێمە نەتها بەوانە دەوترێ کە لە بوارەکانی بیناسازیدا کاردەکەن بەلاَم ئەوەی ڕاستی بێت هەموو پیشەیەك و هەموو کارکەرێك لەو پیشەیەدا پێی دەوترێ کرێکار و دەبێ ڕێز لەخۆیی و کارەکەی بگیرێ و قورسایی لەلایەن کۆمەلگاو یاساوە بەو پەڕی پیرۆزیەوە پێی ببەخشرێت هەموو پیشەکان بەبێ جیاوازی دەرگایان کراوەبن لەبەردەم هەردوو ڕەگەزدا کردنەوەی بازارێکی سەردەمیانەو دوورکەوتنەوە لەو بازارە بێسەرو بەرەی کە ئەمڕۆ لەوولاَتانی ئێمەدا بوونی نیە کە ئەویش دیسان زیان بەهاوولاَتیان دەگەیێنێ لەوەی کە ناتوانێ کاری بۆ دابین بکات و دووەم لە یاری کردنی نرخەکان و هەلسانی بازاڕ زیانێکی ترە لە هاوولاَتیان و لەدەست دەرچوونی لە ژێردەسەلاَتی لایەنە پەیوەندی دارەکانی حکومەت دا دووبارە لاوازی و نەشارەزایی دەسەلاَتی ئیداری دەسەلمێنێ..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاَودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

• بەو پێیەی کە هەرێمی کوردستان بودجەی ساڵانەی خۆیی لە عێراق وەردەگرێ بەپێ ئەو ڕێککەوتنە سیاسیانەی کە ئەنجام دەدرێن واتە ئەم هەرێمە لەڕووی داراییەوە سەبەخۆنیە و بەپێ ئەوەی کە وەری دەگرێت دەتوانێ کاربکات و ئەمەش زۆرجار کێشەو گرفت دروست دەکات لەڕووی ئابوریەوە کە بەخۆیی هۆکارێکە بۆ زیادبوونی بێکاری.. ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە دەسەڵات بیر لەوە بکاتەوە پلانێکی بەرهەم هێنان بۆ چەند ساڵی داهاتوو دابڕێژرێت و بەخێرایی کاری لەسەر بکرێت تا لەو ماوەیەدا بتوانرێ ئەم هەرێمە بەرێژەیەکی باش لەسەر پێی خۆیی بوەستێ و بتوانێ بەسەرویی ئەو بودجەیەوە بەخۆیی داهاتی هەبێت و لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێ ڕێژەیی بێکاری کەم بکاتەوە و داهاتی ساڵانەی تاك لەم هەرێمە بەرێژەیەکی باش بەرزبکاتەوە...

• وەك سیاسەتێکی درێژخایەنی دوژمنان لەم ناوچەیە کە هەمیشە کەسایەتی لەم وولاتانەدا بەو شێوەیە فێرکراون کە لەلایەن دەسەڵاتەوە بژێنرێن وەك چۆن ڕژێمی بەعسی وەك خێر ئەو بەناوبایەعیەی بەسەر هاووڵاتیاندا مانگانە دابەش دەکرد وەك سواڵ.. بەلای خەڵکیەوە کارێکی باش بوو، بەڵام نەیان دەزانی ئەوە سەروەت و سامانی ئەو خەڵکەیەو دەبێ دەیان جار بەرابەر ئەوە پارە بەوخەڵکە بدرێت دەیان جار بەرامبەر بەوە خزمەتگوزاری ئەنجام بدرێت.. ئەمڕۆش هەمان سیاسیەت پەیرەویی دەکرێت و هەمیشە برسی کردن و هەژاری و نەخوێندەواری و چاونەکردنەوەی کۆمەڵگا ڕێچکەیەکی سیاسی بەردەوامە بەسەرویی دەسەڵاتی ئێمەشەوە پەیرەویی دەکرێت، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی سیاسی و ئابوری لەناوچەکەدا.. لەبری ئەوەی کۆمەڵگا فێربکرێت کە کاربکات، بەو کارەیی خزمەت بەئاوەدانی و بوژاندنەوە و پێشکەوتن و شارستانیەت دەکات و بەرامبەریشی ژیان و گوزەرانێکی خۆش و بەختەوەر بۆخۆیی و دەوروبەری دابین دەکات....

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی دەوتوانین بەو دەرەنجامە بگەین کە دەسەڵات وەك بەربرسی یەکەم و دواتر کۆمەڵگا و تاك وەك لایەنی دووەم دەبێ کارابن لە دروست کردنی سیستەمێکی ئابوری پتەو کە بتوانرێ لەڕێیەوە بنەمایەکی سیاسی و کۆمەلایەتی وپیشەی و ڕۆشنبیری و زانستی پتەوە دروست بکرێت کە ئایندەیەکی گەش و روناك بۆ نەوەکانی داهاتوو بۆ ئایندەیی سیاسی نەتەوەییمان دروست بکرێت، چونکە کێشە نەتەوەییەکەمان وەك دۆزێك لەم ناوچەیەدا ئەمڕۆ لەسەرتایی خەبات و تێکۆشانی دایە، ئەگەر گیانی کارکردن و ئاوەدان کردنەوە و پشکەوتن لەبیر ی خۆماندا بچێنین و دەسەڵات و یاسا و دەزگا بەرپرسەکانیش بەپلان دانان و تێڕوانین بۆ ئایندەیی درێژ خایەن و کارکردن بەشێوەیکی پسپۆڕانەو شارەزایانە و وەلانانی ئەقلیەتی شاخ و وولاتانی دەروبەرو لاسایی کردنەوەیان چونکە ئەوکاتەی ئێمە بەهەمان ڕێچکەی سیاسی ئەو وولاتانەدا بچینەوە ئەوە ئەنجام و ئاکامی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیمان لەوان باشتر نابێت و بەو پێیەش ناتوانین ڕێژەیی بێکاری کەم بکەینەوە..

(ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت ژمارە 339 دا بلاوکراوەتەوە)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.